هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٥٧) لە ٢٠٢٠/٥/١٣

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لە میانی خستنەڕووی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای نوێی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨) لە ٢٠٢٠/٥/١٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (پلاندانان و شارەوانی و گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن) و (دەستەی وەبەرهێنان) بۆ دارشتنی کۆدی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بۆ بیناسازی لە ڕووی دیزاین و دیکۆر و واجیهەی بیناکان و هەروەها سەلامەتی و پتەویی بیناکان و بەکارهێنانی ئەو کەرەستە بیناسازییانەی کە لە ڕووی ئابوورییەوە هەم تێچوویان کەمە و ڕێگرن لە بەفیڕۆچوونی وزە بەتایبەتی کۆدەکانی پاراستن و سەلامەتی و تەندروستی گیانی هاووڵاتییان بە هەماهەنگی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پسپۆڕەکان و خەڵکانی شارەزا و پسپۆڕ لەناو حکومەت و دەرەوەی بکرێتە ئەولەوییەتی کاری ئەم وەزارەتانە.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و دەرئەنجامی کارەکانیان بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرز دەکەنەوە و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونیش کاری بەدواداچوون ئەنجام دەدات و ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران